# نموونەی پرسیارەکانی رای گشتی

1. پێناسەی رای گشتی بکە لە روانگەی زانایانی بیانییەوە، پاشان پێناسەیەکی گشتگیر بۆ رای گشتی بکە و خاڵە هاوبەشەکانی بخەرەروو.
2. چەمکی رای گشتی روون بکەرەوە وجۆرەکانی را  باس بکە وجیاوازیان بخەرە روو.
3. باس لە مێژووی سەرهەڵدانی رای گشتی بکە.
4. جۆرەکانی رای گشتی  بژمێرە ونموونە بۆ هەر جۆرێك بهێنەوە.
5. باس لە جۆرەکانی رای گشتی  بکە لەرووی پانتایی بڵاوبوونەوە.
6. باس لە جۆرەکانی رای گشتی   بکە لەرووی کاریگەربوون بە ئامرازەکانی راگەیاندن.
7. هۆکارەکانی گرنگیدان بە رای گشتی چییە باسی بکە؟
8. قۆناخەکانی پێکهێنانی رای گشتی بەنمونە بخەرەروو
9. ئەو فاکتەرانە چین  کە کاریگەرن لە پێکهێنانی رای گشتی بیانژمێرە و بەکورتی باسیان بکە؟

10.تیۆرەکانی رۆژنامەگەری بەپێی سیستمی حوکمرانی چۆن کاردەکەنە سەر پێکهێنانی رای گشتی روونی بکەرەوە وبەرای تۆ کامیان باشترە بۆ ئەمرۆی کوردستان؟

11.باس لە کاریگەری  تیۆری ئازادی بکە لەسەر دروستبوونی رای گشتی.

12.باس لە کاریگەری  تیۆری دەسەڵاتداری بکە لەسەر دروستبوونی رای گشتی.

13.باس لە کاریگەری  تیۆری بەرپرسیارییەتی کۆمەڵایەتی بکە لەسەر دروستبوونی رای گشتی.

14.ئایا پەیوەندی هەیە لە نێوان رای گشتی وپرۆسەی پەیوەندیکردن روونی بکەرەوە

15.باس لە گرنگی رای گشتی بکە لەرووی سیاسی وکۆمەڵایەتییەوە

16.تایبەتمەندییەکانی رای گشتی روون بکەرەوە

17.شێوازەکانی گۆڕینی رای گشتی بژمێرە، گەر بتەوێ رای گشتی ناوچەیەکی هەژار نشین ونە خوێندەوار بگۆری کام شێواز بەکار دەهێنی ؟ وبۆچی؟ روونی بکەرەوە.

18.دەنگۆ " شائعە " چییە و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی چیین ئایا کاریگەری هەیە لەسەر رای گشتی؟

19.ئەو ئامرازانە  چین کە بەکاردێن بۆ گەیاندنی پەیامی بەکاربەران بەمەبەستی گوزارشتکردن لە بیرو رایان؟

20.کاریگەری ئامرازەکانی گەیاندنی ئەلەکترۆنی لە سەر رای گشتی ئەلەکترۆنی باس بکە.

21.رێگا و شێوازی میدیای  ئەلەکترۆنی لە دروستکردنی رای گشتی

22.تایبەتمەندییەکانی رای گشتی ئەلەکترۆنی بخەرەروو

23.بەربەستەکانی پێش رای گشتی ئەلەکترۆنی لە وڵاتە تازە  پێگەیشتووەکان روون بکەرەوە.

24.ئایا رای گشتی ئەلەکترۆنی لە کوردستان بوونی هەیە روونی بکەرەوە؟

25.رای گشتی جیهانی چییە وبەربەستەکانی پێش دروستبوونی روون بکەرەوە؟

26.ئەو رووداوانەی هاوکاربوون لە دەرکەوتنی رای گشتی جیهانی چین

27.شێوازەکانی پێوانە کردنی رای گشتی چین رونیان بکەرەوە؟

28.گرنگی پێوانەکردنی رای گشتی لە چیدایە، بیخەرە روو و روونی بکەرەوە؟

29.ئایا میدیا رۆڵی هەیە لە دروستکردنی رای گشتی؟  چون ؟

30. رۆڵی رادیۆ و تەلەفزیون  لە دروستکردنی رای گشتی باس بکە؟

31.چاودێری چییە وجۆرەکانی کامانەن روونیان بکەرەوە؟

32.باس لەکاریگەری چاودێری بکە لەسەر  رای گشتی؟

33.چەمکی چەواشەکردنی میدیایی چییە و چۆن کار دەکاتە سەر پێکهێنان یان گۆرینی رای گشتی.

34.مەبەست چییە لە هەڵمەتە ئەلەکترۆنییەکان و گرنگی چییە  بۆ رای گشتی باسی بکە؟

35. دەرکەوتەکانی رای گشتی ئەلەکترۆنیی بخەرەروو وبەکورتی لێیان بدوێ.